https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.8

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# داچوون لە چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەدا

## بە نموونەی نۆڤلێتی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەن و ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی بەختیار عەلی

د. مستەفا ساڵح مستەفا

وەزارەتی پەروەردە

mustafasalih1973@gmail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی داچوون و چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە وەک دووانەیەکی لێکدانەبڕاو، ئەمەش لە ڕوانگەی درککردن بە گرنگیی بابەتی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە و دەرخستنی ئەو داچوونانەی، کە لە ئەنجامی ئەم چەندبارەکردنانەوە ڕوودەدەن، ئەم بارەش لە گێڕانەوەی هەر دەقێک ڕوودەدات، ئێمە لێرەدا ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان) و نۆڤلێتی (حەسار و سەگەکانی باوکم)مان بە نموونە وەرگرتووە.

توێژینەوەکەش بەسەر دوو بەش و چوار تەوەرەدا دابەشکراوە، لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمکی گێڕانەوە و ڕەگەزی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە کراوە، هەروەها باس لە چەمک و زاراوەی داچوون کراوە لەگەڵ چۆنیەتیی دۆزینەوەی داچوونەکانی ناو هەر دەقێکی گێڕدراوە، لە بەشی دووەمیشدا بە شێوەیەکی پڕاکتیکی باس لەو داچوونانە کراوە، کە لەناو هەردوو دەقە گێڕدراوەکەدا بەرچاو کەوتوون.

**وشە کلیلییەکان:** داچوون, گێڕانەوە، چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە, تاک گێڕانەوە و گێڕانەوەی دووبارە.

## داچوون لە چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەدا

## بە نموونەی نۆڤلێتی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەن و ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی بەختیار عەلی

### پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (داچوون لە چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە)دا بە نموونەی دوو دەقی گێڕدراوە، یەکێکیان ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی بەختیار عەلی و ئەوی تریشیان نۆڤلێتی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەنە، لە سۆنگەی بڕوابوونمان بەوەی، کە داچوون لە دەقی درێژی گێڕدراوەدا ڕوودەدات، بۆیە ئەم دوو نموونەیەی گێڕانەوەمان هەڵبژارد.

ئاشکرایە زانستی گێڕانەوە وەک لایەنێکی گرنگی دەق پڕە لە ڕەگەزی جۆراوجۆر، چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە ڕەگەزێکی گرنگیی ئەو زانستەیە، (جیرارد جینێت) یەکەم کەسە ئاماژەی بەم ڕەگەزە کردووە و لە چوارچێوەی زانستی گێڕانەوەدا بۆ چوار جۆر پۆلینی کردووە، داچوونیش وەک بارێکی نەخوازراو لای گێڕەرەوە لەناو چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە ڕوودەدات، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی داچوون و کات و شوێنی ڕوودانی لە چوارچێوەی جۆرەکانی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەدا.

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

- ئەگەرچی گێڕانەوە وەک زانستێک زۆری لە بارەوە نووسراوە، بەڵام ڕەگەزی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە و دەرکەوتنەکانی داچوونی گێڕەرەوە وەک ئێمە ئاگاداربین لە ڕەخنەی کوردیدا لەبارەیەوە نەنووسراوە، توێژینەوەکە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ

ناساندن و دەرگایەکیشە بۆ توێژەران تاکو بەم کەلێنەی گێڕانەوە ئاشنابن و زیاتر لەبارەیەوە بنووسن.

- ئەدەبی کوردی خاوەن چەندین بەرهەمی گێڕدراوەیە، بە تایبەتی دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، بەرهەمەکانی شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی لەو بوارەدا دیار و ناسراون, هەڵبژاردنی ئەم دوو دەقەش لەم قەناعەتەوە سەرچاوەی گرتووە.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:**

- بێگومان نووسینی توێژینەوە لە بوارێک کە پێشتر هیچی لەبارەوە نەنووسرابێت بێ گیروگرفت نابێت، هەر لەناونانی زاراوەکانەوە بگرە تاکو کەمیی سەرچاوە لەم بوارە.

- داچوون و چەندبارەی گێڕانەوە وەک دوو چەمکی گرنگی گێڕانەوە لە ڕەخنەی کوردیدا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە, لەم سۆنگەیەوە دەمانەوێ لە ڕێگەی شیکردنەوە و دەستنیشانکردنیان باسیان لێوە بکەین.

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

توێژینەوە لە بواری گێڕانەوەدا گرنگیی تایبەتیی هەیە، چونکە لە دونیای ئەدەبی ئەمڕۆماندا گێڕانەوە وەک زانستێک پۆلێنکراوە، لە پاڵ ئەمەشدا باسکردنی دوو ڕەگەزی گرنگی وەک (چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە) و (داچوون) گرنگیی توێژینەوەکە زیاتر دەکەن.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لەژێر ڕۆشنایی میتۆدی (وەسفیی شیکاری) و بە ڕەچاوکردنی دابەشکاریی تیۆرناسی بواری زانستی گێڕانەوە (جیرارد جینێت) نووسراوە.

**بەشی یەکەم:**

**تەوەرەی یەکەم:**

**گێڕانەوە:**

گێڕانەوە وەک زانستێکی تازە پێویستی بە دوو کۆڵەگەی سەرەکی هەیە، چیرۆکێک ڕووداوی جۆراوجۆر لەخۆبگرێت، هەروەها ڕێگایەکیش، کە چیرۆکەکەی پێ بگێڕدرێتەوە، ئەم ڕێگایەش پێی دەگوترێت، گێڕانەوە (لحمیدانی، ل٤٥)، گێڕانەوەش وەکو زانستێک بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، تا دەگاتە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و لە دوای ساڵانی شەستی ئەم سەدەیە وەکو زانستێکی سەربەخۆ لێی کۆڵدراوەتەوە، گێڕانەوەش وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی، بۆ یەکەمجار "لە ساڵی ١٩٦٩ تۆدۆرۆف بۆ زانستی گێڕانەوە بەکاریهێنا" (العزي، ٢٠١٠, ص١٥).

زانستی گێڕانەوە لە فەرهەنگی (السردیات) وا پێناسەکراوە، کە "چالاکییەکە گێڕەرەوە ئەنجامی دەدات" (القاضی,٢٠١٠, ص٢٤٣). (لطیف الزیتونی)یش پێیوایە "گێڕانەوە ئەو کردارەیە کە گێڕەرەوە ئەنجامی دەدات، گێڕانەوەی ڕووداوێکی ڕاستەقینە یان خەیاڵییە و بەرهەمەکەشی گوتارە" (الزیتونی، ٢٠٠٢, ص١٥) سەبارەت بە ئامانجی گێڕانەوەش پێیوایە، کە "گێڕانەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانە، گێڕەرەوە ڕۆڵی بەرهەمهێن دەبینێت و بۆگێڕدراویش ڕۆڵی بەکاربەر و گوتاریش کاڵا و بەرهەمهێنراوەکەیە" (الزیتونی، ٢٠٠٢, ص١٥).

بە گەڕانەوە بۆ پێناسەکانی سەرەوە، دەبینین تێکڕا جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەنەوە، کە گێڕانەوە چالاکییەکە و گێڕەرەوە ئەنجامی دەدات، بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییەش پێویستی بە چەند پێکهێنەرێک هەیە، کە خۆی لە "گێڕەرەوە، گێڕدراو، بۆگێڕدراو" دەبینێتەوە، گێڕەرەوەش "ئەو

کەسەیە کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە"(ابراهیم، ١٩٩١: ص١١)، جا ئەو کەسە ڕاستەقینە بێت یان خەیاڵی، "بوونەوەرێکە لە وشە دروستکراوە، نەک لە گۆشت و ئێسقان"(یۆسا, ٢٠٠٨، ل٥٥) مەرجیش نییە ناوێکی دیاریکراو بێت، ڕەنگە تەنیا جێناوێک بێت، یان تەنیا بە پیتێک ئاماژەی بۆ کرابێت، "گێڕدراویش هەموو شتێکە کە لە زاری گێڕەرەوە دەردەچێت، کە لە کۆمەڵێک ڕووداوی ڕێکخراوی پشتبەستوو بە کەسایەتییەکان پێکدێت و چوارچێوەیەکی کاتی و شوێنیی هەیە، بۆگێڕدراویش ئەو کەسەیە کە بابەتەکانی گێڕەرەوە وەردەگرێت" (عزام, ٢٠٠٥، ص٨٣).

ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە گرنگە بۆگێڕدراوە، چونکە ئەرکی سەرلەنوێ بنیاتنانەوە و لەدایکبوونەوەی دەقێکی تازەی دەکەوێتە ئەستۆ، "لە نێوان گێڕەرەوە بۆگێڕدراویش پەیوەندییەکی جەدەلی هەیە" (المغرب, ١٩٩٢، ص٨٨)، بۆ ئەوەی بۆگێڕدراو هەموو هێما و ئاماژەکانی دەقێک بکاتەوە، پێویستە شفرەکانی نووسەری پێبێت، بێ ئەوەی هیچ شتێکی بەسەر بسەپێنێت، چونکە نووسەر لە توانایدا هەیە ئاسۆی بیری بۆگێڕدراو بگۆڕێت، ئەمیش دەتوانێت کاریگەری لەسەر بەرهەمی ئەدەبی دروست بکات (المغرب, ١٩٩٢، ص٨٨). هەر بابەتێکی گێڕدراوە لە ڕێگەی بۆگێڕدراوەوە بە زیندوویی دەمێنێتەوە، بۆگێڕدراو ژیان بەبەر هەموو دەقێکدا دەکات، لەوەش زیاتر بە گوێرەی کەمی و زۆری یان سەلیقە و سەرنجی بۆگێڕدراو دەقە سەرەکییەکە دەقی تری لێبەرهەمدێت، بۆگێڕدراویش بەپێی بۆچوونی (جیرارد جینێت) دوو جۆرە (بۆگێڕدراوی ناوەوەی دەق و دەرەوەی دەق)، بۆگێڕدراوی ناوەوەی دەق کەسایەتییەکە لە کەسایەتییەکانی دەقەکە و گێڕەرەوە ڕووی گێڕانەوەی تێ دەکات، بەڵام جۆری دووەم مەبەست لێی خوێنەری ئاسایی دەقەکەیە (جنیت, ٢٠٠٠، ص١٧٢-١٧٣)، بۆ زیاتر تێگەیشتنیش دەتوانین چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەوە) بۆ گێڕەرەوەی ناوەوەی دەق بە نموونە ببینین،

کاتێک ڕووی گێڕانەوەی هەموو چیرۆکەکان لە (شەهرەیار)ی پاڵەوانی دەقەکەیە.

ئەوەی بەلای ئێمەشەوە گرنگە جۆری دووەمیانە (بۆگێڕدراوی دەرەوەی دەق) کە بە گوێرەی توانای خۆی "کۆدەکانی گێڕانەوە هەڵدەوەشێنێتەوە" (برنس،٢٠٠٣, ص١٦٣)، لە ڕێگای خوێندنەوەی ورد و سەرنجە تیژەکانی دەتوانێت لە پاڵ چێژی خوێندنەوە، هەڵسەنگاندن بۆ دەقەکەش بکات، لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنەکانیشیەوە دەقی تازە بەرهەمدێنێت، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ئەم بۆگێڕدراوە "بۆتە بەشێک لە تاقیکردنەوەی نووسینی دەق" (عزام،٢٠٠٥, ص٨٤). دۆزینەوەی هەر داچوونێکیش لە دەقی گێڕدراودا لە ئەرکەکانی ئەم جۆرە بۆگێڕدراوەیە.

**تەوەرەی دووەم:**

**داچوون چییە؟:**

داچوون وەک بابەتێکی گرنگ لە بواری گێڕانەوەدا، لە هەردوو ڕووی چەمک و زاراوە هیچی لە بارەوە نەنووسراوە، ئەمەش لە باسکردنیدا ئاستەنگی زۆری بۆ دروستکردین، نەک هەر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیشدا، دوای گەڕانێکی زۆر تەرخانکردنی ماوەیەکی باش، هیچ بابەتێکمان بەو ناو و ناوەڕۆکە بەردەست نەکەوت، بۆیە بۆ ناونان و ناساندنی داچوون تووشی گرفت بووین.

**چەمک و زاراوەی داچوون:**

سەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوەی داچوون، ئەوا بە بڕوای ئێمە دەکرێ ناوی هەندێ زاراوەی تری وەک (سەرەکردن، سەرچێغ چوون، هەڵەکانی گێڕانەوە، شاشییەکانی گێڕانەوە و ...) بەرانبەر بە زاراوەی

داچوون دابنرێن، بەڵام هەریەکەیان لە بواری تر و شوێنی تر، بۆ مەبەستی جیاوازیش بەکارهێنراون، بۆیە ئێمە بە پەسەندمان زانی زاراوەی داچوون لە توێژینەوەکەماندا بەکاربهێنین، هەروەها زاراوەی داچوون زیاتر بە لای مەبەستی نووسینەکەدا دەڕوات، کە ونبوونێکی خۆنەویستی گێڕەرەوەیە یان دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی گێڕانەوەی دەقە، واتا گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی بابەتێکی دیاریکراو لە دوو کات و شوێنی جیاواز، یان زیاتر تووشی دەبێت، وەک ئەوەی هونەرمەندێکی وێنەکێش یان دەرهێنەرێکی سینەمایی لە دەرهێنانی فیلمێکدا تووشی دەبێت، چونکە "ڕۆماننووس وەک سینەماکار دەتوانێت دیمەنێکی پانۆڕامی بەکاربهێنێت، زوومی کامیرا بجولێنێت و مەودای بینین ڕوونبکاتەوە" (بورنوف، ١٩٩١، ص١٠٨)، جا لە پیشاندانی ئەو دیمەنەدا دەرهێنەری سینەمایی دیمەنی وا نیشان بدات، کە لە بەرنامەی خۆیدا نەبێت، ئەمەش داچوونە لە دەرهێنانی بەرهەمەکەیدا.

نووسینی هەر بابەتێکی ڕەخنەیی لە هەر کات و شوێنێکدا، پێویستی بە خوێندنەوەی قووڵ و وردبینی لە لایەک و جەسارەتی نووسینیش لە لایەکی ترەوە هەیە. باسنەکردنی بابەتی داچوونیش بە بڕوای ئێمە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕەخنەگرانمان کەم تا زۆر نایانەوێ زۆر بە وردی کەموکوڕییەکانی دەق دیاریبکەن، یان بیریان بە لایانەوە ناچێت، ئەمەش لە پاڵ نەخوێندنەوەی دەقەکان بە سەرنجی وردەوە، یان لەبەرئەوەی دەرخستن و پیشاندانی داچوونەکانی گێڕانەوە ئاڵۆز و زەحمەتە، ئەمانە پێکەوە بە بڕوای ئێمە هۆکاری سەرەکیی باسنەکردنی بابەتی داچوونن لە ڕەخنەی کوردیدا.

هەندێک جار نووسەری دەق لە ڕێگەی گێڕەرەوە، کە بە لای (ڕۆلان بارت)ەوە "کەسایەتییەکی لە کاغەز دروستکراوە" (یقطین, ٢٠٠٥، ص٣٨٤) دەتوانێت چەندان ڕێگەی جیاواز و تەکنیکی جۆراوجۆری بواری گێڕانەوە

بەکاربهێنێت، دەتوانێت خوێنەر ماندووبکات لە ڕێگەی باسکردنی چەند ڕووداوێک لە چەند کات و شوێنی جیاوازدا، هەردوو تەکنیکی (الارهاص) و (الخديعه) دەچنە ناو ئەو باسەمانەوە، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەم دوو زاراوەیە پەیوەندییان بە تەکنیکی (پێشخستن و پاشخستن)ەوە هەیە، لە پاژی "ڕیزبەندیی زەمەنەوە پۆلێندەکرێن" (القاضی، ٢٠١٠, ص١٧٣)، نەک لە داچوونی گێڕەرەوەی دەقدا، (ارهاص) بە بۆچوونی (لەتیف زەیتوونی) ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی پێشخستن، هێمایەکە واتاکەی تەواو نابێت تاکو کۆتاییەکانی دەق، وەک "پیشاندانی کەسایەتییەک لە سەرەتای چیڕۆکەکە، ئەگەرچی ڕۆڵی ئەو کەسایەتییە لە کۆتایی چیڕۆکەکەیە" (الزیتونی، ٢٠٠٢, ص١٥)، گێڕەرەوەش ئەم تەکنیکە بۆ ئەوە بەکاردێنێت تا خوێنەر بۆ وردەکاریی ناو دەقەکە ڕابکێشێت.

تەکنیکی (الخديعه)ش دەچێتە ناو بواری ڕێکخستنەکانی کاتەوە، بە لای (جیرارد جینێت)یشەوە "نیشانەیەکە نووسەر بۆ بەلاڕێدابردنی خوێنەر بەکاریدێنێت" (القاضی،٢٠١٠, ص١٧٣) لێرەشدا توانای خوێنەر لە بواری خوێندنەوەی دەقدا دەردەکەوێت.

ئەگەرچی ئەم دوو بابەتە گرنگییەکی زۆریان لەسەر کامڵبوونی سەلیقەی خوێنەردا هەیە، لە ڕێگەی ئەمانەوە خوێنەر توانای سەرنجدان و ڕاددەی بیرتیژییەکەی لە ئاست ڕووداوەکانی گێڕانەوە زیاددەکات، بەمەش ڕۆماننووس لە ڕێگەی بەهێزکردنی هەست و توانای هەڵسەنگاندن و وردبینیی خوێنەرەوە دەتوانێت لێکدانەوەی جیاواز بۆ پێکهاتەی دەقەکەی زیادبکات، ئەگەرچی زۆرجار لە ڕێگەی دەرخستن و دۆزینەوەی داچوونەکانی گێڕانەوەی دەقەکەی، ئەم پڕۆسەی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی هەستی وردبینیی خوێنەر خزمەت بە خودی خۆی وەک نووسەر ناکات، بەڵام لە بناغەدا خزمەت بە پڕۆسەی گێڕانەوە دەکات، ئەمەش مەبەستی سەرەکیی بابەتەکەیە.

## چۆن دەتوانین داچوون دەستنیشانبکەین؟

بە مەبەستی خوێندنەوەیەکی قوڵ و تێگەیشتنێکی تەواو لە ڕووداوەکانی هەر دەقێکی گێڕدراوە (جێرمی هۆسرن) پێیوایە تۆمارکردنی تێبینی ڕێگایەکی گرنگە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بۆ زۆرترین ماوە لە زەینی خوێنەر بمێننەوە، هەروەها پێیوایە تۆمارکردنی تێبینییەکانیش کارامەیی خوێنەر یان ڕەخنەگری پێویستە. (هۆسرن، ١٩٩٦, ص١٠٣)، بە تۆمارکردنی تێبینییەکان خوێنەر خوێندنەوەیەکی قوڵ بۆ دەقەکە دەکات، کە ئەمەش ئامانجی سەرەکیی ڕەخنەی نوێیە، چونکە ڕەخنەی نوێ دەیەوێ خوێنەر بکاتە تەوەری سەرەکی، بەبێ خوێنەر لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی تازە بۆ دەق دروستنابێت، هەر لێکۆڵینەوەیەکیش بەبێ سەرنج و تێبینیی ورد و سەلیقەی تەواو لە ئامانجی ڕەخنە دوور دەکەوێتەوە، ئەگەرچی خوێندنەوەی دەق بە مەبەستی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن، ڕەنگە خوێنەر لە چێژی خوێندنەوە بێبەشبکات.

پرۆسەی هەڵسەنگاندنیش، کە لە ڕەخنەی نوێدا بە پرۆسەی وەرگرتنیش ناو دەنرێت، لە بنەڕەتدا بریتییە لە پێشوازیی خوێنەر بۆ هەر دەقێکی نووسراو، جەختیش لەسەر ڕۆڵی خوێنەر لە دەستنیشانکردنی پێکهاتەکانی دەق دەکاتەوە، بەم پێیە دەکرێ بڵێین "خوێندنەوەی دەقی نووسراو دووبارە لەدایکبوونەوەیەتی" (الزیتونی، ٢٠٠٢, ص٦٢)، هەروەها بنیادی گێڕانەوەی هەر دەقێک "بە ناڕوونی دەمێنێتەوە تاکو کەسێک دێت و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات" (مارتن، ١٩٩٨, ص٢٠٩) ئەو کەسەی لێرەدا مەبەستە بە گوێرەی توانا و سەلیقەی خۆی لێکدانەوە بۆ دەقە گێڕدراوەکە دەکات، (سارتەر) پێیوایە هەموو بابەتێکی ئەدەبی بێناوەرۆکە ئەگەر خودی خوێنەر نەبێت... بۆیە نووسەر بانگەشەی ئازادیی خوێنەر دەکات، تاکو هاوکاری بکات بۆ بەرهەمهێنانی کارەکەی. (نفس المصدر، ص٢١٠)، لە بنەڕەتیشدا دەق بۆ ئەوە دەنووسرێت، تاکو بتوانێت لەگەڵ

هەر خوێندنەوەیەکیدا بەرهەمێکی جیاوازی لێ هەڵبهێنجرێ، لێرەدا "ڕۆڵی خوێنەر نەرێنییە، ڕۆڵی بەرهەمهێنەرانەیە، کاتێ لەگەڵ نووسەر بەشداری دەکات، ئەگەر تێشی نەپەڕێنێت". (الرویلي، ٢٠٠٧، ص٢٧٤)

نووسەر کاتێک دەستدەداتە قەڵەم و دەیەوێت دەقێک بنووسێت، مەرج نییە ڕێگاکەی ئاسان بێت، ڕەنگە تووشی هەڵە و کەموکوڕی ببێت، ئەگەرچی زۆر بە وردی و سەرنجەوە کارەکەشی بکات، چونکە "ئەو سەرکەشییانەی ڕۆماننووس تووشیان دەبێت، گەورەن" (بورنوف، ١٩٩١, ص١٨٨)، ئاشکرایە کە جیهانی نووسین ئاڵۆزە، چەندین لق و پۆپی لێدەبێتەوە، پڕە لە سەرکەشیی هەمەجۆر، نووسەر بۆ هەر وشە و پەڕەگرافێک چەندان لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن دەکات، تاکو لە هیچ لایەنێکەوە تووشی ڕەخنە و سەر ئێشە نەبێت، بەرهەمی هەر نووسەرێکیش "بە چەندین وێستگەی نادیار گوزەر دەکات، بۆیە هەر کاتێک ڕۆماننووس بۆ چاوتروکانێکیش بێئاگا بوو، ڕەنگە هەموو شتێک هەرەس بێنێت" (نفس المصدر، ص١٨٩) ئەمەش نهێنیی نووسینە، بۆیە کارێکی ئاسان نییە و هەموو کەسێکیش تێیدا سەرکەوتوو نابێت.

نووسەری کارامە و لێهاتوو بۆ پاساودان و پۆزشهێنانەوە لە هەر داچوونێک، کە لە گێڕانەوەکانیدا تێی کەوتووە، دەکرێ ڕێگایەکی وا بگرێتەبەر، کە قەناعەت بە خوێنەر بهێنێت، ئەوە داچوون نییە لە گێڕانەوەی دەقەکەدا تووشی بووە، بەڵکو ئەوە کەموکوڕی و کێماسییە لە بیرەوەرییەکانی کەسایەتییەکانی ناو دەقدا، ئەوە کەسایەتییەکانن سەرلەبەری ڕووداوەکانیان لێ تێکەڵ بووە، ئەوەی لە شوێنێک باسی دەکات کەم یان زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی پێشتر لە هەمان بابەتدا گوتوویەتی، لەم بارەیەوە ڕۆماننووسی ئێرانی (بوزرگی عەلەوی) لە ڕۆمانی (چاوەکانی)دا ئەم ڕێگەیەی گرتۆتەبەر و لەسەر زاری کەسایەتیی سەرەکیی ڕووداوەکان، یاخود گێڕەرەوە دەڵێت: "زۆربەی ئەو بابەتانەی

تاکو ئێستا بە جەنابتم وتووە، هەمووی بەیەکەوە و لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا ئەیلێم و دواتر ئەیانڵێم، پڕ لە ناکۆکین، هەندێک جار ئەوەی کەڕەتێک ئەیلێم لەگەڵ ئەوەی دواتر بۆی زیاد ئەکەم، ناگونجێن" (عەلەوی، ٢٠١٧، ل٢٠٢). بەم پێیە هەر دژیەکییەک و یەکانگیرنەبوونێکی ڕووداوەکانی دەقەکەی پەردەپۆشکردووە، چونکە دەزانێت دەکرێ هەر نووسەرێک تووشی داچوون ببێت.

## چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە (التواتر السردی)

ڕەگەزێکی گێڕانەوەیە و لە چوارچێوەی زەمەنی گێڕانەوەدا پۆلێندەکرێت، لە بنەڕەتیشدا بریتییە لە "پەیوەندیی نێوان ڕێژەی دووبارەبوونەوەی ڕووداو لە چیرۆک و ڕێژەی دووبارەبوونەوەی لە گوتاردا" (القاضی، ٢٠١٠, ص١٢٢)، واتە باسکردنی ڕووداوێکە لە نێوان ڕێژەی ڕوودان و گێڕانەوەیدا، (جیرارد جینێت) پێیوایە "هەتا ئێستا ڕەخنەگران و تیۆرناسانی بواری ڕۆمان لە بابەتی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەیان نەکۆڵیوەتەوە، سەرەڕای گرنگیی بابەتەکە لە ڕووی زەمەنەوە" (جنیت، ١٩٩٧، ص١٢٩).

چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە لە بنەڕەتدا ڕەگەزێکی وردی گێڕانەوەی بواری زەمەنە، بۆ مەبەستی بەخشینی چێژ و خۆشی لە زمانی گێڕانەوەدا، یان بۆ ئاخنینی زانیاریی زیاتر (حەشووکردن)ی ڕووداوەکان، یان بۆ مەبەستی ستاتیکی بەکاردەهێنرێت، بەڵام مەبەستی ئێمە لێرەدا لە پاڵ ناساندنی بابەتەکە وەک چەکێکی دەستی گێڕەرەوە، کە ڕەنگە بۆ مەبەستی جیاواز هانای بۆ ببات، دۆزینەوەی ئەو داچوونانەشە، کە گێڕەرەوە لە بەکارهێنانی ئەم ڕەگەزەی گێڕانەوە زۆرجار تووشیان دەبێت، بە تایبەتی ئەو ڕۆمانانەی کە، ڕووداوەکانیان درێژ و چڕ و پڕن، یان قەبارەیان گەورەیە، چونکە داچوون لە کورتە ڕۆمان یان ژانرە

ئەدەبییەکانی تری وەک چیرۆک، لەبەر کورتیی ڕووداوەکان زۆر بەدەگمەن ڕوودەدات.

بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی گشتی پەنجە بخەینەسەر جۆر و شێوەی ئەو داچوونانەی کە لە چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەدا ڕوودەدەن، دەبێت سەرەتا بزانین چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە چەند جۆری هەیە، هەروەها کێن ئەوانەی جۆرەکانیان دەستنیشانکردووە؟.

وەکو پێشتر گوتمان چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی بنەمای کاتیی گوتاری گێڕانەوە "(جیرارد جینێت) یەکەم کەسە لای بە لای ئەم بنەما کاتییە کردووەتەوە" (شارەزووری، ٢٠١٥, ل٢١٣)، لە باسکردنی بابەتەکەشیدا ئەم ڕەگەزەی بەسەر چوار تەوەرەدا دابەشکردووە:

١- ڕووداوێک یەک جار ڕوویداوە و یەک جار دەگێڕدرێتەوە.

٢- ڕووداوێک یەک جار ڕوویداوە و چەندین جار دەگێڕدرێتەوە.

٣- ڕووداوێک چەند جار ڕوویداوە و یەک جار دەگێڕدرێتەوە.

٤- ڕووداوێک چەند جار ڕوویداوە و چەندین جار دەگێڕدرێتەوە. (جنیت, ١٩٩٧، ص١٣٠-١٣١).

مەبەستی لە ڕوودان و گێڕانەوەکاندا، ڕوودانە لە چیرۆک و گێڕانەوەیە لە گوتاردا، واتە گێڕەرەوە بە گوێرەی ویست و ئارەزووی خۆی ئەو ڕووداوانەی لە چیرۆکەکەدا ڕوویانداوە، لە گێڕانەوەدا چەندبارەیان دەکاتەوە, واتە دەقی گێڕدراوە چنراوێکی ئاڵۆزە و گێڕانەوەیە لەناو گێڕانەوەدا.

جگە لە دابەشکردنەکەی (جینێت) نووسەرێکی تر بە ناوی (خوسیە ماریا بوثلو-José Maria Pozuelo ) لە بارەی ئەو ڕەگەزەی گێڕانەوە دواوە و ئەمیش بەسەر چوار جۆر دابەشی کردووە، ئەگەرچی دیارە لەسەر هەمان دابەشکارییەکەی (جینێت) کراوە، بەڵام بۆ هەر بارێک لە چوار بارەکە ناوێکی بۆ داناون، دابەشکارییەکەش بەم شێوەیەیە:

١- تاک چیرۆکی: جارێک دەگێڕدرێتەوە، ئەوەی جارێک ڕوویداوە.

٢- چیرۆکی وشە دووبارە: چەند جارێک دەگێڕدریتەوە، ئەوەی چەند جارێک ڕوویداوە.

٣- چیرۆکی دووبارەکراو: چەند جارێک دەگێڕدرێتەوە، ئەوەی جارێک ڕوویداوە.

٤- silepsis: جارێک دەگێڕدرێتەوە، ئەوەی چەند جارێک ڕوویداوە. (الرابح ,٢٠٠٨: ٣١٠).

ئەگەر بەراوردێکی هەردوو دابەشکردنەکە بکەین، لە زیادکردنی ناونیشان بۆ هەر بارێکی گێڕانەوە بەولاوە، هیچ گۆڕانکارییەک نابینرێت، بۆیە ئێمە بۆ دەرخستنی داچوونەکان لەناو چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەدا پشتمان بە دابەشکارییەکەی (جینێت) بەستووە.

گومانی تێدا نییە هەر یەکێک لەو جۆرانەی ڕەگەزی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە، بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێن، بەڵام مەرج نییە داچوون لە هەر چوار جۆری ڕەگەزی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە ڕووبدات، چونکە ئەو جۆرانەی یەک جار دەگێڕدرێنەوە دەرفەتی داچوونیان تێدا نییە، ئەگەرچی لە بنەڕەتیشدا چەند جارێک ڕوویاندابێت، وەک ئەو جۆرەی (چەندین جار ڕوویداوە و یەکجار دەگێڕدرێتەوە)، یان

ئەو جۆرەی کە (یەک جار ڕوویداوە و یەک جاریش دەگێڕدرێتەوە- تاک چیرۆک).

بەم پێیە داچوون لەم دوو جۆرەی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە ڕوونادات، بەڵام لە هەردوو جۆری (چیرۆکی دووبارەوەبوو) و (چیرۆکی وشە دووبارە) ڕوودەدات، ئەگەر گێڕەرەوە ورد و بە سەلیقە نەبێت لە چەندبارەکردنەوەکانیدا.

**بەشی دووەم :**

**داچوون لە چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەدا**

**تەوەرەی یەکەم:**

**داچوون لە گێڕانەوەی ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)دا**

گومانی تێدا نییە، کە ئەم ڕۆمانە لە ڕووی قەبارەوە گەورە و بەرچاوە، لە ڕووی پێکهاتەی ڕووداوەکانیش زۆر دەوڵەمەندە، چونکە ڕووداوەکانی چڕ و پڕ و ئاڵۆزن، بۆیە بە بڕوای ئێمە گێڕەرەوە لە هەندێک شوێن تووشی داچوون بووە، دیاریکردنی ئەو داچوونانەش یارمەتیدەرێکی باش دەبن بۆ دووبارەنەبوونەوەیان لە بەرهەمەکانی تردا، یان بۆ بەهێزکردنی تواناکانی خوێنەر لە هەڵسەنگاندن و بەدواداچووندا.

دوای خوێندنەوەیەکی وردی ڕۆمانەکە، دەرکەوت گێڕەرەوە لە دوو شوێنی جیاوازدا کەوتۆتە داوی داچوونەوە:

- لە لاپەڕە (٤١)ی ڕۆمانەکەدا لەسەر زاری کەسایەتیی (وەفا بەگ)، کە کەسایەتیی سەرەکی و گێڕەرەوەی ئەم بەشەی ڕۆمانەکەیە، لە وەسفی دیمەنی کوشتنی دیلەکان دەڵێت: "بەڵام سەیربوو لام کە فەرماندە داوای لێکردم شەوی تیربارانکردنی هەردوو دیلەکە

ئامادەبم و خۆم سەرپەرشتی ئەوە بکەم، بزانم ئاخۆ ژیان لە لاشەیان ماوە یاخود نا... تا شەو درەنگ دادەهات و تاریکی قورستر دەبوو فەرماندار نائارامتر دەردەکەوت... بولولیار لە بەیانییەوە دەیزانی کە ئەمشەو دەکوژرێن" (عەلی، ٢٠١٢, ل٤٤)، لەم پەرەگرافەی رۆمانەکەدا گێڕەرەوە ئەو ڕووداوەی یەکجار ڕوویداوە لە چەند شوێنێک چەندبارە دەیگێڕێتەوە، لە هەموو پاتکردنەوەکانیشیدا جەخت لەسەر (شەو) بوونی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەکاتەوە (کە گوللە بارانکردنی دیلەکانە) بەم دەربڕینانە (داوای لێکردم شەوی تیربارانکردنی دیلەکان)، (تا شەو دادەهات دونیا تاریکتر دەبوو)، (دەیزانی ئەمشەو دەکوژرێن)، ئەمەش ئەوپەڕی جەختکردنەوەیە لە کاتەکە و سێجار دووپاتیکردووەتەوە، بەڵام لە شوێنێکی تر کاتێک گێڕەرەوە جارێکی تر دیمەنەکە دەگێڕێتەوە تووشی داچوون دەبێت، کاتێک دەڵێت: "ئەو ڕۆژەی کە هۆشەنگ و هاوڕێکەیمان برد بۆ مردن لە چاوی هۆشەنگدا ئەو چاوەڕوانییە گەورەیەی موعجیزەم نەبینی" (عەلی،٢٠١٢, ل٤٣)، وەک دیارە لەم پەرەگرافەدا گێڕەرەوە بە بەراورد لەگەڵ گێڕانەوەکانی پێشووتریدا، لە دوو شوێندا تووشی داچوون بووە، یەکەمیان کاتێک دەڵێت: (ئەو ڕۆژە)، وەک پێشتر ڕوونمانکردەوە و لە چەندبارەکردنەوەکانی پێشتردا جەختی لەسەر شەو کردۆتەوە، بەڵام لەم جارەی چەندبارەکردنەوەکەیدا دیمەنی ڕووداوەکانی لە ڕۆژ پیشانداوە، ئەمەش بێئاگاییی گێڕەرەوە دەردەخات، چونکە چڕیی ڕووداوەکان و بەکارهێنانی ڕەگەزی چەندبارەکردنەوەکە تووشی ئەو بارەی کردووە.

داچوونی دووەمیش لەم پەرەگرافەدا لەو کاتەدایە کە دەیەوێت بە شەوی ئەنگوستەچاو ڕەنگ و ڕووی کەسی بەرانبەر بخوێنێتەوە، (لە چاوی هۆشەنگ ئەو چاوەڕوانییە گەورەیەی موعجیزەم نەبینی)، دیارە

دیمەنەکە شەوە و زۆریش تاریک و ئەنگوستەچاوە (تا شەو دادەهات تاریکی قورستر دەبوو)، کەسایەتی (وەفا بەگ) کە گێڕەرەوەی دەقەکەیە، چۆن توانی چاوی (هۆشەنگ) بخوێنێتەوە؟ بەمەش دیسان هەر لەم چەندبارەکردنەوانەی گێڕانەوە، گێڕەرەوە جارێکی دی تووشی داچوون بووە، لە هەردوو بارەکەشدا گێڕەرەوە ڕووداوێک یەکجار ڕوویداوە و چەند جارێک گێڕاویەتیەوە.

- لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە لەسەر زاری کەسایەتیی (وەفا بەگ) ڕووداوێکمان دووجار بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە بنچینەدا یەکجار ڕوویداوە، لەم چەندبارەکردنەوەیەش لە درکاندنی زانیارییەکاندا تووشی داچوون بووە، لە گێڕانەوەی یەکەمجاریدا گێڕەرەوە ڕووداوێک بۆ کەسایەتیی (سەعید یۆنان) دەگێڕێتەوە، کە بریتییە لە کوشتنی کۆمەڵێک ئەسپ، کاتێک دەڵێت: "من لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشدا ناچاربووم بەڵێ ناچاربووم چوار ئەسپ و هێسترێک بکوژم، لە تۆ وایە من پێش ئەوەی بێم بۆ شوڕش بیرم لەوە کردبووەوە کە ناچار دەبم چوار ئەسپ و هێسترێک بکوژم، لە تۆ وایە هیچ مرۆڤێک پرسیاری وا لە خۆی دەکات؟..." (عەلی، ٢٠١٢، ل٨٦) دوای ئەوە گێڕەرەوە لەم پەڕەگرافەدا زانیارییەکان بۆ (بۆگێڕدراو) دەگێڕێتەوە، لە دوو شوێندا جەخت لەسەر ژمارەی ئەسپەکان دەکاتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک و هیچ زانیارییەکی تر لەبارەی ئەسپەکانەوە نادرکێنێت، کەچی چەند لاپەڕەیەک دواتر کاتێک گێڕەرەوە ڕۆڵی گێڕانەوەکەی دەدات بە کەسایەتیی (سەعید یۆنان)، ئەمیش چەند پرسیارێک لە بارەی ئەسپەکانەوە لە (وەفا بەگ) دەکات و دەڵێت: "بەڵام کاک وەفا دوای ئەوەی ئەسپەکانت کوشت، هەستت بەچیکرد؟... هەستت بە ئاسوودەیی کرد یان شەرم؟ ئەمە بۆخۆی گرنگ نییە کە ئەسپەکانت کوشتووە، ئەوە گرنگ نییە، بەڵام پێم بڵێ ئەی ئەگەر

من سبەی کۆمەڵێک ئەسپی نەخۆشت بدەمێ دووبارە دەیانکوژیتەوە؟" (عەلی، ٢٠١٢, ل٨٩)

وەک لە بەشی دووەمی پەڕەگرافە گێڕدراوەکەدا دیارە، (سەعید یۆنان) هەندێک زانیاری لە گێڕانەوەکەدا دەدرکێنێت، کە پێشتر لە گێڕانەوەکەی (وەفا بەگ) هیچ ئاماژەیەکی پێنەدراوە، ئەویش بابەتی نەخۆشبوونی ئەسپە کوژراوەکانە، کاتێک لە گێڕانەوەی یەکەمدا (وەفا بەگ) تەنیا ژمارەی ئەسپەکان دەداتە (سەعید یۆنان)، بەڵام لە چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەکەدا لە لایەن (سەعید یۆنان) لە دوو شوێندا داچوون بەدی دەکرێت، کاتێک دەڵێت (کۆمەڵێک ئەسپی نەخۆشت بخەمە بەردەست)، بۆچی ئەسپی نەخۆش؟ هەرگیز پێشتر (وەفا بەگ) ئەو زانیارییەی نەداوەتێ، یان کاتێک دەڵێت: (دووبارە دەیانکوژیتەوە؟)، ئەمەش دڵنیابوونیەتی لە نەخۆشبوونی ئەسپەکان، دیارە جیاوازی لە نێوان چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەکاندا هەیە.

ئاشکرایە هەردوو داچوونەکە لە چەندبارەکردنەوەی جۆری (یەک جار ڕوویداوەکە ڕوویداوە و چەندین جار گێڕدراوەتەوە)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە داچوون لەو جۆرەی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە ڕوودەدات، کە چەند جارێک دەگێڕدرێنەوە، ئەوەی شایانی ئاماژەبۆکردنیشە هەردوو داچوونەکە لەسەر زاری گێڕەرەوەی هەمانشتزانی بەشدار لە ڕووداوەکان ڕوویانداوە، چونکە ڕۆمانەکە خۆی لە ڕێگەی ئەم جۆرە گێڕەرەوەیە گێڕدراوەتەوە.

**تەوەرەی دووەم:**

**داچوون لە نۆڤلێتی (حەسار و سەگەکانی باوکم)دا**

لە نۆڤلێتی (حەسار و سەگەکانی باوکم)دا، گێڕەرەوەی هەمانشتزان ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوە، بە بۆچوونی ئێمە لە دوو شوێنی جیاوازدا تووشی داچوون بووە، لە گێڕانەوەکەدا گێڕەرەوە باسی دیمەنێک دەکات، کە یەک جار ڕوویداوە، بەڵام دوو جار گێڕاویەتیەوە، لە گێڕانەوەی یەکەمدا لە وەسفی دیمەنی (زێوان)ی گۆڕستانەکەدا وای پیشاندەدات، کە زێوانەکە بەناو خوشکەکانی کەوتووە، تاکو یەکێکیان بۆ خۆی هەڵبژێرێت، لە پاداشتی ناشتنی تەرمی باوکە کوژراوەکەیدا، کاتێک دەڵێت: "زێوانێکی شەل و شەهوەتبازیش بوو یەکەمین عاشق و دڵداری خوشکە دڵشکاوەکانم نامەردانە گەڕا، بازاڕی لە هەر هەموویان ورد دەبۆوە، قاچێکی بەدووی خۆیدا ڕادەکێشا و بەرەو پشت تێیان ڕادەما، نقورچی لە ڕوومەتی، لە کولمی یەکە یەکەیان گیردەکرد، تا بزانێ هی کامەیان خوێنی پتر تێ دەزێ، چنگی لە ڕانی زۆریان گیرکرد تا بزانێ هی کامەیان تورتە و هی کامەشیان لرپە و داکەوتووە... دواجار ئەو بەدفەساڵە دەستی خستە سەر زولەیخا، تاوێ پەنجە تورتەی لە چاڵی چەناگەی گیرکرد پاشان وەک هەر قوماربازێکی براوە خەنییەوە، هەوەسێکی لەناکاو و شێت شەرمی ئادەمییانەی لە لا هەڵگرت و سێ هەنگاو لەو دیو کێڵەکانەوە هەردوو باسکی تێ وەرینا و ..." (حەسەن، ٢٠٠٥، ل١٥) ئەگەر بە وردی سەرج لە گێڕانەوەی ئەو دیمەنە بدەین، ڕوونە کە خوشکەکان ئەگەرچی ئارەزووی هەوەسبازیشیان هەبێت، وەک پێشتر ئاماژەی پێدراوە، بەڵام (زولەیخا) بە هیچ شێوەیەک ڕۆڵی لە دەسنیشانکردنەکەی زێوان نەبووە، کە ئەوی هەڵبژاردووە، ئارەزووی هەوەسبازییەکەش وەک هەستێکی گشتی لای سەرجەم خوشکەکان باسکراوە، گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی ئەم دیمەنە دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ، کە زێوانەکە بە دڵی

خۆی یەکێک لە خوشکەکانی هەڵبژاردووە، کە زولەیخا بووە، چونکە ڕوومەتی زولەیخا زیاتر خوێنی تێدەزا لە کاتی نقورچی زێوانەکە" هەروەها ڕانی زولەیخا لە هی خوشکەکانی توندتر بووە، لە گێڕانەوەیەکی تری هەمان دیمەندا گێڕەرەوە بە زەقی تووشی داچوون بووە، چونکە لە گێڕانەوەی دووەمدا یان لە چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەکەدا هەڵبژاردنەکە دەداتە دەست زولەیخا خۆی، نەک زێوانەکە، کاتێک دەڵێت: "هەر ئەو شەوە بوو زولەیخای خوشکم بێشەرمانە چاوی بڕیبووە دەستی تووکنی زێوانەکە، لەو حەلەی گەمەی بە هەردوو هێلکەکە دەکرد و سەیری ئەمی دەکرد، دواجار مانی گرت و گوتی: کاکە من تەواو... نایەمەوە حەسارەکە... من لێرە دەبم و ئاگام لە گۆڕەکەی باوکم دەبێت، بە بزەوە لە زێوانەکە ڕاما و بە عیشوەوە پێڵووی چاوەکانی دادەکشان و زەردەی هەوەسێکیش نیشتە سەر لێوانی ..." (حەسەن، ٢٠٠٥، ل٥٧).

بە بەراوردکردنی هەردوو گێڕانەوەکە دیارە، کە گێڕەرەوە تووشی داچوون بووە، لە دیمەنی یەکەم (زێوان)ەکە (زولەیخا) لەناو هەموو خوشکەکان لەبەر چەند هۆکارێک هەڵدەبژێرێت، بەڵام لە چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەکەدا (زولەیخا) خۆی حەزی دەچێتە (زێوان)ەکە و داوا لە براکەی دەکات لای ئەو، (زێوان)ەکە جێیبهێڵێت.

لە چەند شوێنێکی دەقەکەدا، گێڕەرەوە لە چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەی دیمەنێکی تردا، بە هەمان شێوەی جاری پێشوو تووشی داچوون بووەتەوە، گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی دیمەنێکی ئەو شەوەی (کوڕ)ەکە (گێڕەرەوەی هەمانشتزان) باوکی خۆی دەکوژێت، چەندین جار دیمەنەکە چەندبارە دەگێڕێتەوە و زۆر جەخت لەسەر تاریکبوونی ئەو شەوە دەکاتەوە، کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوودراوە، کاتێک دەڵێت "دایکان و خوشکان... براکانم، بە درێژایی ئەو شەوە دابارینە سەرم" (حەسەن، ٢٠٠٥، ل٤٢)، یان بۆ دڵنیابوون لە تاریکیی شەوەکە دەڵێت: "شەوانە

هەرخۆی هەموو قوتیله و قەندیل و مۆم و چرا و لامپا و فانۆسەکانی نێو حەسارەکەی دەکوژاندەوە، یەکە یەکە فووی لێدەکردن..." (حەسەن، ٢٠٠٥، ل٣٠)، کەچی کاتێک گێڕەرەوە باسی دیمەنی پێش کوشتنی باوک دەکات، ئەوەندە وردە لە بینینی شتەکان، مەگەر بە ڕۆژی ڕووناک کەسێک بتوانێت ئەو دیمەنە وەسفکراوانە ببینێت، "ڕابی لەژێر ئەو دێوەدا خنکابوو... دەتوت کەرتە شاخێکی بەسەر داڕماوە، نە پەنجەیەکی دەستی نە هی پێی، نە تاڵە موویەکی سەری هیچی لە منەوە دیارنەبوو... تەنها جەستەی ڕووتی باوکە نەبێ کە ببوە دەمارێکی گرژ و گەورە و ڕەپ، لە گەمەی ماسولکەکانی هەردوو شانی و پشتی ورد دەبوومەوە هەڵمێکی تەنک لەسەر پشتیەوە بەرز دەبۆوە..." (حەسەن، ٢٠٠٥، ل٣٣)، دیمەنی بینینی ماسولکەی وردی شان و پشت "لەگەڵ هەڵمی تەنک لە توانای بینینی چاودا نییە لە شەوێکی تاریکدا، ئەگەرچی باسی تریفەی مانگەشەویش بکرێت" کە تاریکی و تریفەی مانگەشەو پێکەوە هەڵناکەن، هەر خودی گێڕەرەوە لەم بارەیەوە دەڵێت: "نەمدەتوانی تاریکی شەو و شەپۆلی ئەو قژانەی هەمیشە لەژێر ڕەفتە و سەرپۆش و چارۆگەدابوون جوێ بکەمەوە" (حەسەن، ٢٠٠٥، ل٥٢)، ئەگەر کەسەکە نەتوانێت دیمەنی پرچی خوشکەکانی لە دەرەوەی ژوورەکەدا ببینێت، ئەی چۆن توانای دەمار و ماسولکە و هەڵمی پشتی باوکی ببینێت؟

لە گێڕانەوەیەکی تری دیمەنەکانی ئەو شەوەدا، زۆر بە ئاسانی نەک ڕەنگی پرچ و تاریکیی شەو لێکجودادەکاتەوە، بەڵکو زۆر بە وردی دیمەنەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت "پاش عومرێکی درێژی نێو تاریکی، تریفەی زیوین تاوێکی درێژ بە شەوارەی خست" زەرد و ژاکاو، سەر و پرچی ماش و برنجی ..." (حەسەن، ٢٠٠٥، ٤٣)، لە دیمەنی گێڕانەوەی پێشوو ڕەنگی پرچی خوشکەکانی بۆ جودانەدەکرایەوە، ئەگەرچی خۆی گوتەنی لەبەر ڕووناکیی تریفەن، کەچی ئێستا لەم گێڕانەوەیەدا (ڕەنگی زەرد و ژاکاو و سەر و پرچی ماش و برنجی) خوشکەکەی (زیبا)

دەبینێت، لە کۆی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەی دیمەنەکەدا، گێڕەرەوە تووشی داچوون بووە، لە هەر جارێکی گێڕانەوەکەدا بەپێی پێویستی خۆی دیمەنەکەی گێڕاوەتەوە، بێ ئەوەی گوێ بداتە گێڕانەوەی پێشووتری.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، گێڕەرەوە لە هەردوو دەقەکەدا لە ئەنجامی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەدا کەم تا زۆر تووشی داچوون بووە، ئەگەرچی داچوونەکانی گێڕەرەوە بە زەقی کاریگەریی نەرێنییان لەسەر دەقەکان دیار نییە، بەڵام خوێندنەیەکی وردی دەقەکان شاشی گێڕانەوە و داچوونەکان دەردەخەن، هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت، کە داچوونەکان لەو جۆرەی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە ڕوویانداوە، کە (ڕووداوێک یەک جار ڕوویداوە و چەندین جار گێڕدراوەتەوە).

**ئەنجامەکان:**

- داچوون وەک بارێکی نەخوازراو تووشی گێڕەرەوە دەبێت، لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هیچی لەبارەوە نەنووسراوە، بۆیە لە ڕووی چەمک و زاراوەوە وەک بابەتێکی ڕەخنەییی تازە دەردەکەوێت.

- داچوون لە گێڕانەوەدا لە ڕەگەزی چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوە دەردەکەوێت، ئەمەش ڕێگە خۆشدەکات بۆ ناسینەوە و دۆزینەوەی داچوونەکان لە هەر دەقێکی گێڕدراودا، چونکە بە ناسین و پۆلێنکردنی چەندبارەکردنەوەکانی گێڕانەوە، بۆگێڕدراوی دەرەوەی دەق بە ئاسانی داچوونەکان دەدۆزێتەوە، لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی هەندێک ڕێنماییەوە.

- لە ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان) گێڕەرەوە لە دوو شوێنی جیاواز و دوو جار تووشی داچوون بووە، هەردوو داچوونەکەش لە چەندبارەکردنەوەی جۆری (ڕووداوێک یەک جار ڕوویداوە و چەندین جار گێڕدراوەتەوە) ڕوویانداوە، جگە لەمە هەردوو جۆری داچوونەکە لەسەر زاری گێڕەرەوەی هەمانشتزان ڕوویانداوە.

- لە نۆڤلێتی (حەسار و سەگەکانی باوکم) گێڕەرەوە دوو جار تووشی داچوون بووە، هەردوو داچوونەکەش لەسەر زاری گێڕەرەوەی هەمانشتزان و لە جۆری چەندبارەکردنەوەی (ڕووداوێک یەک جار ڕوویداوە و چەندین جار گێڕدراوەتەوە) ڕوویانداوە.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: دەقەکان:


- حەسەن، شێرزاد،٢٠٠٥، سەرجەمی بەرهەم، دەزگای ئاراس- هەولێر.
- عەلی، بەختیار،٢٠١٢، کەشتی فریشتەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم.


### دووەم: کتێب بە زمانی کوردی:


- شارەزووری، یادگار لەتیف، د، ٢٠١٥، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر.
- عەلەوی، بوزرگ، ٢٠١٧، وەرگێڕانی: سەردار حەسەنخاڵی، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.
- یۆسا، ماریۆ فارگاس، ٢٠٠٨، ١٢ نامە بۆ ڕۆماننوسێکی لاو، وەرگێڕانی: سیرین. ک، چاپخانەی بینایی.


### سێیەم: کتێب بە زمانی عەرەبی:


- ابراهيم، عبدالله،١٩٩١، المتخيل السردي(مقاربات النقدية في التناص و الروئ و الدلالة), المركز الثقافي العربي, الطبعة الاولى، دارالبيضاء- الرباط.
- برنس, جيرالد, ٢٠٠٣, قاموس السرديات, ترجمة: السيد امام, ميريت للنشر والمعلومات, القاهرة.
- بورنوف, رولان و ريال اوئيليه, ١٩٩١, عالم الرواية, ترجمة: نهاد التكرلي, دار الشؤون الثقافية العامة, بغداد.

- جنيت،جيرار،١٩٩٧، خطاب الحكاية(بحث في المنهج), ترجمة: محمد معتصم- عبدالجليل الازدي – عمر حلي, مجلس الاعلى للثقافة, طبعة الثانية.

- جنيت, جيرار, ٢٠٠٠, عودة الى خطاب الحكاية, ترجمة: محمد معتصم, المركز الثقافي العربي, طبعة الاولى, دار البيضاء.

- رابح, الاطرش, د. ,٢٠٠٨, التواتر السردي(قراءة في ڕواية "غدا يوم الجديد")،مجلة المخبر(ابحاث في اللغةو الادب الجزائرى).

- الرويلي, ميجان, د, و سعد البازعي, ٢٠٠٧, دليل الناقد الادبي, المركز الثقافي الادبي, طبعة الخامسة, المغرب.

- زيتوني, لطيف,د., ٢٠٠٢, معجم مصطلحات النقد الرواية, دار النهار للنشر, طبعة الاولى, لبنان.

- عزام, محمد, ٢٠٠٥, شعرية الخطاب السردي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

- العزى، نفله حسن، د.، ٢٠١٠، تقنيات السرد و اليات تشكيله الفني, دار غيداء للنشر, عمان.

- القاضي, محمد و آخرون,٢٠١٠, معجم السرديات, دار محمد علي للنشر، طبعة الاولى, تونس.

- لحميدانى, حميد, د. ,٢٠٠٠, بنية النص السردي من منظور النقد الادبي, مركز الثقافي العربي للطباعة والنشر, دار البيضاء.

- مارتن, والاس, ١٩٩٨, نظريات السرد الحديثة, ترجمة: حياة جاسم محمد, مجلس الاعلى للثقافة.

- المغرب, منشورات اتحاد الكتاب, ١٩٩٢, طرائق تحليل السرد الادبي, طبعة الاولى, الرباط.

- هوثورن, جيريمي, ١٩٩٦, مدخل لدراسة الرواية, ترجمة: غازي ڕويش عطية, دار الشؤون الثقافية العامة, بغداد.

- يقطين, سعيد,٢٠٠٥, تحليل الخطاب الروائي (الزمن – السرد- التبئير), المركز الثقافى العربى، طبعة الرابعة، المغرب.

**ملخص:**

الاستطراد في السرد عنوان هذه الدراسة في ڕوايتي "حەسار و سەگەکانى باوکم - المزرعة وكلاب ابي" و کەشتى فريشتەکان - سفينة الملائكة" " لكل من الروائيين (شيرزاد حسن وبختيار علي) اذ يقوم هذا البحث على اظهار جانب خفي أوالمسكوت عنه في النقد الادب الكردي من خلال ظاهرة الاستطراد. الاستطراد كمظهر سلبي في العملية السردية قائم على إعادة العوالم السردية بشكل متكرر كما ورد بشكل ملفت للنظر في نصين للكاتبين المعروفين.

تتكون هذه الدراسة على مقدمة ومبحثين ذات محورين ڕئيسيين. في المبحث الأول تطرق فيه الباحث الى البنية السردية بشكل نظري وعن الاستطراد كنوع من أنواع السرد. وقد بحث الكاتب فيه عن كيفية استكشاف ظاهرة الاستطراد في العملية السردية في النصوص السردية. وفي المبحث الثاني، تطرق فيه البحث الى مكامن الاستطراد التي ظهر في النصين السرديين. كما يلي المبحثين النتائج التي توصل اليها الباحث مذيلة بقائمة المصادر والمراجع.

**Abstract:**

Literary digression in the narrative constitutes the main subject topic of this study. It is structured around two distinct novels, *The Ship of Angels* and *The Farm and My Father's Dogs* by (Bakhter Ali and Sherzad Hassan ). The study explores unspoken issues regarding the Kurdish literary critics through aspects of aggression in the narrative. The aggression reconstitutes the literary life of characters as it is well represented in both novels.

The study composed of an introduction, two parts and two sections. In the first part, the structure of the narrative has been discussed theoretically including the digression as one distinct type of the narration. The author has discussed the way in which the digression has been explored in the literary texts. In the second part, the author analysis the digressional texts in both novels. Finally, the study reaches to its conclusion and followed by the sources that have been used.